ئەڵمانیا... تەرخانکردنی 50 ملیۆن یۆرۆ بۆ سووریا

ئەمە یەکشەممە، وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا، ئانالینا بێربۆک، ڕایگەیاند، وەا تەکەی 50 ملیۆن یۆرۆی دیکە بۆ خۆراک و پێداویستییەکانی کەرتی تەندروستیی سووریا دابین دەکات.

ئانالینا بێربۆک، لە کۆنفرانسی هەرەمی دەربارەی سووریا، لە ڕیازی پایتەختی سعوودیە گوتی: "بەرلین پشتیوانی 'ئەگەیەکی ژیرانە'ـی کردووە بۆ هەڵگرتنی سزاکان تاوەکوو خەڵکی سووریا کەمێک هەست بە ئارامی بکەن."

ئاماژەی بۆش دا "ئێستا سووریەکان پێویستیان بەوەیە بەخێرایی سوود لە گواستنەوەی دەسەڵات وەربگرن و ئەمەش بەردەوام دەبێت لە یارمەتیدانی ئەوانەی هیچ شتێکیان لە سووریا نییە، وەک چۆن لە ماوەی ساڵانی شەڕی ناوخۆدا کردوومانە." گوتیشی: "50 ملیۆن یۆرۆی دیکە بۆ خۆراک و پێداویستیی پزیشکیی لە سووریا دابین دەکەین."

وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا، جەختی لەوە کردەوە "سزاکانی سەر هاوپەیمانەکانی بەشار ئەسەد، کە لە

شەی ناوخەی سووریادا تاوانی گەورەیان کردووە، دەبەت بەردەوام بەت."